# نوێکردنەوەی
# یادی مەولوود

عەبدولڕەحمان سدیق

هەولێر- کوردستان
چاپی یەکەم

١٤٣٥ کۆچی ٢٠١٣ زایینی ٢٧١٣ کوردی

# لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی تەنفیزی
# یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
# زنجیره ( ٣٢ )

پڕ بـەدڵ سـوپاس‌و پێزانینـی خـۆم ئاراسـتەی مەکتـەبی تـەنفیزی یەکێتی زانایانی ئـاینی ئیـسلامی کوردسـتان دەکەم بەتایبـەتی بـەڕێز مەلا عبدالله مەلا سەعید گرتکی سـەرۆکی یـەکێتی زانایـانی ئـاینی کـە ئەرکی بەچاپ گەیانـدنی ئـەم نووسـینەیان خـستە ئەسـتۆ... هیـوادارم هەر پایەدارو تەمەن درێژ بن.

**عەبدولڕەحمان سدیق**

* ناوی کتێب: نوێکردنەوەی یادی مەولوود
* ناوی نووسەر: عەبدولڕەحمان سدیق
* نەخشەسازو بەرگ: کۆمپیوتەری دەریا
* نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠١٣
* چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بۆ ئـەوەی بـزانین یـادی مـەولوود چـییە؟ بـۆ یەکـەمجار کـێ لەمێـژوودا ئـەم یـادەی داهێنا؟، ئایا ئەو زانایانە کێن کە یادی مـەولوود ڕەت دەکەنـەوە؟، یـاخود ئـەو زانایانـە کێن کە پشتگیری ئەم یادە دەکەنو، بە بەڵگەی مەنتیقیو واقیعی خۆیان یادکردنـەوەی ئەم یادە بە شتێکی شەرعی دەزانن و دەیسەلمێنن؟ ئایا بۆ نوێکردنەوەی یادی مـەولوود پێویستە چ بکرێت؟ ئایا پێویستی بەوە نییە بکرێتە یادێکی سەردەمیانەو هاوچـەرخ بـۆ ئەوەی شایانی خاوەنی ئەم یادە بێت کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵایە( d )؟

ئەگەر لەسەرەتاوە لەوە دەست پێ بکەین یادی مەولوود چییەو، کێش بـۆ یەکـەمجار لەمێژوودا ئەم یادەی داهێنا؟

ئەوا دەڵێین کە دیارە کوردەواری بۆ مانگەکانی ساڵی کۆچـیی نـاوی تایبـەتی دانـاوە، بۆنموونە کورد بەمانگی (ربیع الاول) دەڵێت مانگی مەولوود، بەو مانایەی کە لەو مانگەدا پێغەمبەر( d ) لەدایکبووە.

ئەم یادکرنەوەیـەی لەدایکبوونـە دیـارە لەسـەردەمی پێغەمبـەر( d ) خۆیـدا نـەبووە، بەڵام دواجار لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا پێویستی کردووە کـە لـەڕۆژی لەدایکبوونیـدا ئـەم یادە بکرێتەوە.

دیارە ئەم یادکردنـەوەی ڕۆژی لـەدایکبوونی پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بێـت) زۆربەی زۆری –ئەگەر نـەڵێم هـەموو– مێژوونوسـانی کـۆنو نـوێ دان بـەوەدادەنێن کـە ئەوەی کە بۆ یەکەمین جار ئەم یادەی داهێنابێتو ئەم یـادەی کردبێتـەوە بەشـێوازێکی شایان بەخاوەنی یادەکە کە پێغەمبەرە( d )، (سوڵتان موزەفەر) بووە.

ئەم (سوڵتان موزەفەرە) گرنگە خەڵکی خۆمان بیناسێتو، گرنگیشە لە هەمان کاتـدا بەناسینی ئەو بزانین چی بـۆ ئـەم یـادە کـردووەو، ئـەو سـەردەمەی ئـەو چ سـەردەمێك بـووە، بۆیـە یادکردنـەوەی ڕۆژی لـەدایکبوونی پێغەمبـەر( d ) بێگومـان لەسـەردەمی (سوڵتان موزەفەر)دا هاتۆتە ئارا کە بێگومان ئەوکاتەش سـەردەمی دەوڵـەتی ئـەیوبیو،

سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی لە(١١٧١) میلادی هەتاوەکو (١٢٥٠) میلادی فەرمانڕەواییان کردووەو، دەوڵەتی (ئەیوبی)یش دەوڵەتێك بووە بە سەرکردایەتی (سەلاحەدینی ئەیوبی) کە سنورەکەی بریتی بووە لەم کوردستانە هەتا دەگاتە سوریای ئێستاو ئوردنو فەلەستینو لوبنانو مەککەو مەدینەو یەمەنو لەوبەریشەوە میسرو سودان، ئەمە سنوری ئەم دەوڵەتەیە کە پێی دەگوترێت ئەیوبی، بۆیە دەوڵەتی ئەیوبی خاوەنی ئالای خۆیو سوپاو سەربازی خۆی بووەو، لەناو دەوڵەتی عەباسیدا جۆرێك بووە لەفیدراڵی ئەمەش جارێکی دیکە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوە لەسەردەمی کوردو دەسەلاتی کورددایە کە تیایدا بایەخ دەدەن بە یادی میلادی پێغەمبەر( d ).

(سوڵتان موزەفەر) لەسەردەمی پێش بوونی بەحاکمی هەولێرو دەوروبەری، دەچێت بۆ لای (سەلاحەدینی ئەیوبی) لەشامو ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوەو، دواتریش بەشداری دەکات لەجەنگی رزگارکردنی قودسو شەڕی حەتینو، تەنانەت مێژوونوسان دەڵێن لەشەڕی (حەتین)و لە گێڕانەوەی (بەیتولمەقدیس)دا ئەوەی رۆڵی سەرەکیی هەبوو بۆ ئەوەی کە(سەلاحەدینی ئەیوبی) سەربکەوێت، (سوڵتان موزەفەر) بوو، چونکە لەرۆژی شەڕەکەدا تەواوی ئەو پوشو پەلاشەی کە لەمەیدانی جەنگدابووەو، ئاراستەی بایەکەش بەڕووی خاچ پەرستاندابووە، (سوڵتان موزەفەر) گوتویەتی بۆچی ئەو پوشو پەلاشە نەسوتێنین هەتا لەگەڵ ئاراستەی رەشەباکەدا بەڕووی خاچ پەرستاندا بڕوات؟

ئەم پلانە هۆکارو خاڵی وەرچەرخان بووە لەشەڕی (حەتین)دا، بۆیە پاش ئەو سەرکەوتنەی کە (سەلاحەدین) بەدەستی دەهێنێت، یوسفی برای سوڵتان موزەفەر، کە حاکمی هەولێر بووە دەچێت بۆ سەردانی (سەلاحەدینی ئەیوبی)و، هەر لەوێش وەفات دەکات، بۆیە (سەلاحەدینی ئەیوبی)، (سوڵتان موزەفەر) دەگەڕێنێتەوە بۆ هەولێر دەیکات بە حاکمی هەولێرو شارەزوور لەبەر ئەوە زاراوەی حاکمی ئەربیل، واتە ئەربیلو شارەزوور بەو مانایەی کە ئەو حاکمی هەولێربووە، هەولێر بەم سنوورە بچوکەی ئێستای نەبووە، ئەو سنورە هەولێرو شارەزوور واتە سلێمانیو کەرکوكو ئەو ناوچانەش هەر لەلای (سوڵتان موزەفەر) بووە لەو سەردەمەدا، هەر ئەو کاتەش (سوڵتان

سەلاحەددین)، رەبیعەی خوشکی خۆی لە(سولّتان موزەفەر) مارە دەکات، بەم جۆرەش (سولّتان موزەفەر) (رەبیعەخاتوون)ی خوشکی سەلاحەدین دەخوازێتو دێتەوە هەولێر.

(سولّتان موزەفەر) تا تەمەنی (٨٢) سالّ ژیاوەو، چلو چوار سالّ حوکمی کردووە، (ابن خلكان) کە زانایەکی کوردە دەلّێت: (نازناوو ژیاننامەی ئەم پیاوە کەسایەتییەکە کە بەدرێژایی مێژووی خۆمان کەسێکی وامان نەدیوە ئەوەندە خێرخوازبێت، کەسێك بووە کاری نامۆو کاری دژ بە شەرعی قەت لێ نەبینراوەو هەرگیز نەیهێشتووە کاری ناپەسندو کاری ناشەرعی لەسنووری مەملەکەتەکەی ئەودا ڕووبدات، دواتر (ابن خلكان) دەلّێت: (سولّتان موزەفەر) زۆر خاکیی بووە، زۆر حەزو خۆشەویستی هەبووە بۆ زانایان، ئەو کەسانەی کە شیعریان گووتەوەو بەشانو بالّی ئەودا هەلّیانداوە پارەی پێ نەداون، بەلاّم بەئەوانەی کەوا مەدحی پێغەمبەریان کردووە پارەی پێداون، بۆیە پارەیەکی یەکجار زۆری داوەتە یەکێك لەو کەسانەی کە لەولاّتی مەغریبەوە هاتووە بۆ هەولێرو مەولوودنامەیەکی نوسیوەتەوە.

(سولّتان موزەفەر) لەسنووری دەسەلاّتیدا خانووی دروست کردووە بۆ ئافرەتانی بێوەژن، خانووی دروست کردووە بۆ ئەو مندالاّنەی کە هەتیو بوون، بۆ ئەو کەسانەی کەوا کەم دەرامەت بوون، تەنانەت خانەی دروست کردووە بۆ ئەو منالاّنەش کە لە پەیوەندی ناشەرعیو لەدەرەوەی خێزاندا لەدایك دەبوونو فڕێ دەدران، خەلّکانێکیشی بۆ هێناونو پارەی پێداون تا لەو خانووەدا ئەو منالاّنە بەخێو بکەن تاوەکو گەورە دەبن.

خۆی دەچووە سەردانی نەخۆشخانەکان، خۆی لە تەندروستیی نەخۆشەکانی دەپرسی، میوانخانەی هەبووە کە خەلّکانی کەم دەرامەت هاتوون تێیدا ماونەتەوە، هەرکەسێك لێرەوە سەفەری کردبێت پارەی نەبووبێت دەزگای هەبووە پارەی پێداوە بۆ ئەو سەفەرەی کە کردوویەتی، تەنانەت لە یادی مەولوودا بڕێك پارەی ناردووە بۆ خاچ پەرستان بۆ ئەوەی ئەو موسلّمانانە ئازاد بکەن کەلەشەڕدا لای ئەوان بەدیل دەگیران.

(سولّتان موزەفەر)ە یەکەم کەس بووە کە ئاوی خوارنەوەی بۆ حاجیان لەکێوی عەرەفات ئامادە کردووەو لەوێدا حەوزی دروست کرووەو ئاوی بۆ هێناوەو، بۆ سەفەری حەجکردنیش

لەهەولێرەوە بەرەو باشوور تا دەگەیتە نەجەفو کەربەلاو دەچیتە مەککەو مەدینە لەم ڕێگایانە زۆربەی بیری ئاوەکان (سولڵتان موزەفەر) هەڵیکەندوون، مزگەوتی (موزەفەریە)ش هەیە لەشاخی (قاسیون) لە(دیمەشق) هەر (سولڵتان موزەفەر) دروستی کردووە، لەبەر هەبوونی جیاوازییش لەبەرواری مەولوودا، ساڵێکیان لەهەشتی (ربیع الاول) یادەکەی کردۆتەوە، ساڵەکەی دواتر لەدوانزەی (ربیع الاول)دا بۆ ئەوەی ئەم خیلافە نەمێنێت، هەموو ساڵێکیش لە یادی مەولوددا جلوبەرگی خەڵکی نوێکردۆتەوە هەر کەسەو قاتێکی تازەی بۆ کردووە، لەزستانا قاتێکی بۆ خەڵکەکە دەکردو لەهاوینیشدا بۆی دەکردن.

لەساڵی (١٢٣٢)ی زایینییدا سولڵتان موزەفەر کۆچی دوای دەکات، وەسیەتی کردبوو کە لەمەککە بنێژرێت، بۆیە کە لەگەڵ قافڵەی حاجیاندا هەڵیدەگرن بۆ مەککە، بەڵام ئەو ساڵە وا ڕێك دەکەوێت ڕێگرێك هەیەو بەهۆکارێك لەهۆکارەکان ناتوانن بگەنە حەج، یان ئاویان لێدەبڕێت لەڕێگەدا، ئەوانیش گەیشتونەتە سنووری (نەجەف)ی ئێستا، ئەو کاتە نەیانتوانیوە بەردەوام بنو، نەشیانتوانیوە تەرمەکەی جارێکی دیکە بگەڕێننەوە بۆ هەولێر، بۆیە لەلای (ئیمامی عەلی) لە نەجەف نێژراوە مێژوونوسان دەڵێن لەوێدا نێژراوە بۆیە دەڵێن ئەم مەرقەدەی ئێستا کە لەهەولێرە، ئەوە هی باوکێتی واتە باوکی (سولڵتان موزەفەر) نەك خۆی، مێژوونووسانیش جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوەو باسیشیان لەسەر نووسیوە کە ئەوە گۆڕی ئەو نییە، بەڵکو هی باوکییەتی، لەمانەدا مەبەستم ئەوە بوو کە بڵێم ئەمە (سولڵتان موزەفەر)ە، ئەمە یەکێکە لەو سیمبولانەی ئێمە لەمێژوودا، کە ئاوا ئەم یادەی بایەخ پێداوە، کە جێگەی خۆیەتی ئێمەش ئەم یادە نوێتر بکەینەوەو بەردەوامیی پێبدەینو لەگەڵیدا بژین.

چونکە شێوازی ئەم یادە وەك لەسەرچاوەکاندا نووسراوە، بەم شێوازە ساکارەی ئێستاکە نەبووە، بۆ ئەم یادە لە تەواوی جیهانی ئیسلامییەوەو لە تەواوی مەملەکەتو ئیمارەتەکانی دیکەوە خەڵك بانگکراون بۆ ئێرە، بەشێکی چالاکییەکان بریتی بوونە لە خوێندنەوەی ئەناشیدو مەدایحی نەبەوی، بەشەکەی دیکەی بریتی بووە لە سازکردنی کۆڕو سیمیناری جۆراوجۆرو، خستنەڕووی کتێبی تازەی نووسراوو، مونازەراتی نێوان فوقەهاکانو، نمایشو

مانۆڕی سەبازی سوارچاكان‌و سەربازان‌و هێزی دەوڵەت، هەمووی خراوەتـە بەرچـاوو خـەڵك بینیویـەتی تەنانـەت خـەڵك لەوڵاتانـەوە لەیـەكی موحەڕەمـەوە بەڕێدەكـەوتن‌و هـەتاوەكو دوانزەی (ربیع اول) نزیكەی دوو مانگ‌و دە ڕۆژ خەڵك هاتوون‌و لەهەولێر كۆبوونەتەوە، ئنجا لەڕۆژی مەولوددا ئەم یادە كراوەتەوە كە یادێك بووە شایەنی خاوەنی یادەكە بێت، چـونكە دەگوترێت لەو یادەدا (٣٠٠) هەزار دیناری ئەو سەردەمە سەرف كراوە ئەوە بەڵگەیە لەسـەر ڕازاندنەوەی شارو نوێكردنەوەی شارو، دروستكردنی گومەزی شاندو وەفدە هاتووەكان‌و، بۆ ئەو شاندە میوانانەی كە هاتوون‌و شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە لەو یادەدا.

ئێـستا بۆمـان هەیـە بپرسـین كـە بۆچـی سـوڵتان موزەفـەر بـیری لـەداهێنانی ئـەم یادكردنەوەیە كردووە؟

دیارە كە هەموو مەسەلەیەك هۆكارێكی هەیە لەزەمانی خۆیـدا، دیـارە پـێش زەمـانی سوڵتان موزەفەر، خەڵكی بەچەند سەدەیەك نزیـك بوونـە لەسـەردەمی پێغەمبـەر( d )، بۆیە پێویستی بەوە نەكردووە پێغەمبەر بەبیری خـەڵك بهێنرێتـەوە، بـەڵام لەسـەردەمی ئەمدا كە سەردەمی  شەڕی خـاچ پەرسـتەكان بـووەو، دەوڵـەتی ئـەییوبی بەبـەردەوامی بەشێكی زۆری تەمەنی لەم شـەڕەدابووە، سـەرئەنجام بـۆ ئـەوەی لـەم سـەردەمەداو بـە تێپـەربوونی كـات خـەڵك یـادی پێغەمبـەری لەبیرنەچـێتەوەو، سـیفەتەكانی پێغەمبـەری لەبیرنەچێتەوە یادی پێغەمبەرەكەی خۆی بەبیرخۆی بهێنێتەوە، پێویستی بەوە كردووە كە ئەم یادە لەم سەردەمەدا دابهێنێت.

بۆ ئەم سەردەمەی ئێمەش وەك بەشێك لە زانایان دەڵێن ئەگەر لەو سـەردەمەدا ئـەم یادە پێویست بووبێت ئەوا لەسـەردەمی عەولەمـەو گڵۆباڵیزەیـشن‌و تێكـەڵبوونی هـەموو ناسنامەكاندا زۆر پێویسترە ئێستا ئێمە ئەم یادە بیری خۆمان بێنینەوەو ناسنامەی ئـەو پێغەمبەرە مەزنە زیاتر بە خەڵك ئاشنا بكەین.

(سـوڵتان موزەفـەر) كـە ئـەم یادكردنەوەیـەی داهێنـاوە، خـۆی زانـابووە بـە دیـن‌و ئاشنایەتی زۆری بە مەجلیسی زانایان بووەو حـاكمی ئـەو شـارو وڵاتـەش بـووە كـە ئـەو یادەی داهێناوە، بەڵام هێشتا ڕاو ڕای جیاواز هەن لەم بارەیەوە لەسەر ئەوەی ئایـا ئـەو

یاده دروستەو بكرێت یان دروست نییەو نەكرێت؟ ئـەو یـاده هەنـدێك دێـن وەریـدەگرنو هەندێكیش رەتی دەكەنەوە، ئەوەی كە كۆم كردۆتەوە لەباسی ئەم یادكردنەوەیەدا بـەم جۆرەیە:

**یەكەم: ئەم زانایانە لەگەڵ ئەوەن كەیادكرنەوەی مەولوود دروستەو سوودی هەیە:**

الامام السيوطي:

(عندي أن أصل عمل المولد الذي هو اجتماع الناس وقراءة ما تيسر مـن القـرآن وروايـة الأخبار الواردة في مبدأ أمر النبي وما وقع في مولده من الآيات ثم يمد لهـم سمـاط يأكلونـه وينصرفون من غير زيادة على ذلك هو من البدع الحسنة التي يثاب عليها صاحبها لما فيـه من تعظيم قدر النبي وإظهار الفرح والاستبشار بمولده الشريف).

واتــە: (لای مــن ئەسـڵی مــەولوود كەبریتییــە لەكۆبوونــەوەی خــەڵكو خووێندنــەوەی قورئــانو باســكردنی چــۆنیەتی لــەدایكبوونییو مــوعجیزە هاوكاتــەكانییو خــۆراك بەخشینەوە، جۆرێكە لەبیدعەی حەسەنەو خاوەنەكی پاداشتكراو دەبێت بەم دەربـڕینی خۆشییو بەرز ڕاگرتنەی یادی لەدایكبوونی پێغەمبەر( d ).

ابن الجوزي:

(من خواصه أنه أمان في ذلك العام وبشرى عاجلة بنيل البغية والمرام).

واته: (لەتایبەتمەندییەكانی مەولوود ئەوەیە كـە دەبێتـە مایـەی ئـەمان لـەو سـاڵەداو، مزگێنییەكی خێراشە بۆ بەدەستهێنانی ئاواتو ئومێدەكان).

ابن حجر العسقلاني:

(أصل عمل المولد بدعة لم تنقل عن السلف الصالح من القرون الثلاثة، ولكنهـا مـع ذلـك اشتملت على محاسن وضدها، فمن تحرى في عملـها المحاسـن وتجنـب ضـدها كانـت بدعـة حسنة... وأي نعمة أعظم من نعمة بروز هذا النبي.. نـبي الرحمـة في ذلـك اليـوم، فهـذا مـا يتعلق بأصل عمله، وأما ما يعمل فيه: فينبغـي أن يقتـصر فيـه علـى مـا يفهـم الـشكر لله تعالى من نحو ما تقدم من الـتلاوة والإطعـام والـصدقة وإنـشاد شـيء مـن المـدائح النبويـة والزهدية المحركة للقلوب إلى فعل الخير والعمل للآخرة).

واتــە: (مــەولوودکردن لەئەسـڵدا بیدعەیـەو پێـشینی چـاکان لەسـێ سـەدەی یەکەمـدا نەیانکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بیدعەیە باش‌و خراپی تێدایە، بۆیـە هەرکەسـێك لەمەولوودکردندا شتی چاك بکـاتو خـۆی لـەخراپ بـەدوور بگرێت، دەبێتـە بیدعەیـەکی حەسـەنە، چـونکە کـام نیعمـەت گـەورەترە لەنیعمـەتی دەرکـەوتنی ئـەم پێغەمبــەرە، پێغەمبەری ڕەحمەت، ئەمە ئەسـڵی کارەکەیـە، ئـەوەی لـەو ڕۆژەشـدا دەکرێت واباشـە بریتیی بێت لـەو شـتانەی کـە شـوکری خـوای تێـدا بێـت، وەك قورئـان خوێنـدن‌و نـان‌و خواردن پێدان‌و خێرو سەدەقەو گوتنی سروودو مـەدائیحی نەبـەویو ئـەو شـیعرانەی دڵ نەرم دەکەن‌و بۆ خێرو کاری قیامەت دەیجوڵێنن).

الامام السخاوي:

(لم يفعله أحد من السلف في القرون الثلاثة، وإنما حدث بعدُ، ثم لا زال أهـل الاسـلام مـن سائر الأقطار والمدن يعملون المولد ويتصدقون في لياليه بأنواع الصدقات ويعتنون بقراءة مولده الكريم، ويظهر عليهم من بركاته كل فضل عميم).

واتە: (پێشینی چاکان لەسێ سەدەی یەکەمدا نەیانکردووە، بـەڵکو دواتـر داهـاتووەو، تائێستاش موسڵمانان لە زۆربەی وڵاتو شارەکاندا مەولوود دەکەن‌و، لە شەوەکانیـشیدا سەدەقەو خێر دەکەن‌و، ژیاننامـەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەخوێننـەوەو، بەبەرەکەتی ئەویش خێری گەورەیان دەست دەکەوێت).

ابن الحاج المالكي:

(ومن تعظيمه( d ) الفرح بليلة ولادته وقراءة المولد).

واتە (لەنیـشانەکانی بەگـەورە ناسـینی پێغەمبـەر(دروودی خـوای لەسـەر)، دەربـڕینی کامەرانییو خۆشییە بەشەوی لەدایکبوونییو خوێندنەوەی ژیاننامەیەتیی).

ابن عابدين:

(الاجتماع لسماع قصة صاحب المعجزات عليـه أفـضل الـصلوات وأكمـل التحيـات مـن اعظم القربات).

واتــە: (کۆبوونــەوە بــۆ بیــستنی چــیرۆکی خــاوەنی مــوعجیزات —باشــترین ســەڵاوات‌و کاملترین سڵاوی لەسەر— لەگەورەترین کارێکە بۆ نزیکبوونەوە لەخودا).

الحافظ عبدالرحيم العراقي:

(إن اتخاذ الوليمة وإطعام الطعام مستحب في كل وقت فكيف إذا انضم إلى ذلك الفرح والسرور بظهور نور رسول الله في هذا الشهر الشريف ولا يلزم من كونه بدعة كونه مكروها فكم من بدعة مستحبة قد تكون واجبة).

واتە: (داوەتکردنو خواردن پێدان موستەحەببە لەگشت کاتێکدا، جا ئەگەر یەکیگرتەوە لەگەڵ بۆنەی دەربڕینی خۆشییو کامەرانیی بەدەرکەوتنی نوری پێغەمبەری خودا لەم مانگە بەرزەدا ئەوا باشتر، ئەوەش کە مەولوود بیدعەیەو پێشتر نەبووە، مانای وانییە کە مەکروه بێت، چونکە زۆر بیدعە هەن کە موستەحەبن، بەڵکو لەوانەیە واجبیش بن).

أبو شامة (شيخ النووي):

(ومن أحسن ما ابتدع في زماننا ما يُفعل كل عام في اليوم الموافق لمولده( d ) من الصدقات، والمعروف، وإظهار الزينة والسرور، فإن ذلك مشعرٌ بمحبته( d ) وتعظيمه في قلب فاعل ذلك وشكراً لله تعالى على ما منّ به من إيجاد رسوله الذي أرسله رحمة للعالمين).

واتە: (لەباشترینی داهێنراوەکانی زەمانی ئێمە ئەوەیە کە هەموو ساڵێك لەرۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر( d ) دەکرێت لەسەدەقاتو کاری چاکو رازاندنەوەو خۆشیی دەربڕین، چونکە ئەم کارانە نیشانەی خۆشویستنو بەگەورە ناسینی ئەون لەدڵی بکەرەکانیداو، مانای سوپاسکردنی خوداشە کە ئەو پێغەمبەرەی بۆ ناردین کە رەحمەتە بۆ هەموو عالەم).

الشهاب أحمد القسطلاني (شارح البخاري):

(فرحم الله امرءا اتخذ ليالي شهر مولده المبارك أعيادا).

واتە: (رەحمەت لەو کەسەی کە شەوانی مانگی موبارەکی لەدایکبوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەکاتە جەژنی خۆشیی دەربڕین).

بەکورتی دەتوانین ئاماژە بەم کتێبانەش بکەین کەبۆ یادی مەولوود نووسراون لەلایەن ئەم زانایانەوە:

الحافظ عبدالرحيم العراقي: (المورد الهني في المولد السني).

الحافظ ابن كثير: مولد طبع بتحقيق صلاح الدين المنجد.

الحافظ السخاوي: (الفخر العلوي في المولد النبوي).

الحافظ ابن الجوزي: (العروس).

الحافظ ابن دحية الكلبي: (التنوير في مولد البشير النذير).

شمس الدين ابن ناصر الدين الدمشقي: (المورد الصاوي في مولد الهادي) و(جامع الآثار في مولد المختار) و(اللفظ الرائق في مولد خير الخلائق).

ملا علي قاري: (المورد الروي في المولد النبوي).

الحافظ شمس الدين ابن الجزري: (عرف التعريف بالمولد الشريف).

علي زين العابدين السمهودي: (الموارد الهنية في مولد خير البرية).

ابن حجر الهيتمي: (إتمام النعمة على العالم بمولد سيد ولد آدم).

الخطيب الشربيني: (المولد الروي في المولد النبوي).

المحدث جعفر بن حسن البرزنجي: (عقد الجوهر في مولد النبي الأزهر).

أبو البركات أحمد الدردير: له مولد مطبوع في مصر.

عبدالهادي نجا الأبياري المصري: له مولد مخطوط.

يوسف النبهاني: (جواهر النظم البديع في مولد الشفيع)، طبع في بيروت.

عمر بن حفيظ: (الضياء اللامع بذكر مولد النبي الشافع).

نوح القضاة– مفتي الأردن سابقاً: (مولد الهادي) طبع في الأردن.

**لە زانا هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمەش ئەمانەی لای خوارەوە لەگەڵ یادکردنەوەی مەولوودان:**

محمد الطاهر بن عاشور شيخ جامع الزيتونة ومن أبرز علماء المالكية:

(هذا اعتبار للتذكير بالأيام العظيمة المقدار كما قال تعالى ﴿وذكرهم بأيام الله﴾ (ابراهيم: ٥).

واتە: مەولوود دەبێتە هۆکارێك بۆ بیرخستنەوەو وەبیرهێنانـەوەی ڕۆژگـارە مەزنـەکان وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وذكرهم بأيام الله﴾ (إبراهيم : ٥).

حسنين محمد مخلوف شيخ الأزهر:

(إن إحيـاء ليلـة المولـد الـشريف وليـالي هـذا الـشهر الكـريم الـذي أشـرق فيـه النـور المحمدي... بهذه الطريقة وإن لم يكن مأثورا في عهده( d ) ولا في عهد الـسلف الـصالح إلا أنه لا بأس به، وسنة حسنة).

واتە: (ژیاندنەوەی شەوی مەولوودو شەوەکانی ئەم مانگە کە نوری موحەممـەدی تێـدا هەڵات بەم شێوازە، با واش نـەبووبێت لەسـەردەمی پێغەمبـەر( d ) و پێـشینانی چـاك، بەڵام ڕێپێدراوەو سوننەتێکی حەسەنەیە).

محمد الفاضل بن عاشور من علماء تونس البارزين:

(.. اليوم الثاني عشر من ربيع الأول كل عام... ليأتي إليهم محمّلا مـن ذكريـات القـرون الخالية بأريج طيب ينمّ عما كان لأسلافهم الكرام من العناية بذلك اليوم التـاريخي الأعظـم، وما ابتكروا لإظهار التعلّق به وإعلان تمجيده من مظاهر الاحتفالات).

واتــە: (ڕۆژی ١٢ی ڕەبیعـی یەکـەم هـەموو سـاڵێك دێتـەوە لای موسـڵمانان بـە بـۆن‌و بەرامی سەدەکانی ڕابووردووەوەو، ئەوە دەردەخات کەپێشینانیان چەند بایـەخیان بـەو ڕۆژە مێژووییــە مەزنــە داوەو، چــەند داهێنانیــان کــردووە لــەبواری ئاهــەنگگێڕان بــۆ دەرخستنی خۆشەویستییان بۆ ئەوو پابەنبوونیان بەوەوە ( d ).

محمد متولي الشعراوي:

(وإكرامًا لهذا المولد الكريم فإنه يحق لنا أن نظهر معـالم الفـرح والابتهـاج بهـذه الـذكرى الحبيبة لقلوبنا كل عام وذلك بالاحتفال بها من وقتها).

واتە: (وەك ڕێزگرتنێك بۆ ئەم مەولوودە مافی خۆمانە خۆشیی‌و دڵشادیی دەربڕین بـەم بۆنە خۆشەویستەوە لەکاتی خۆیدا هەموو ساڵێك).

محمد علوي المالكي:

(إننا نقول بجواز الاحتفال بالمولد النبوي الشريف والاجتماع لسماع سيرته والصلاة والسلام عليه وسماع المدائح التي تُقال في حقه، وإطعام الطعام وإدخال السرور على قلوب الأمة).

واتە: (ئێمە دەڵێین جائیزە ئاهەنگ گێڕانی مەولوودی پێغەمبەر( d )و، کۆبوونەوە بۆ گوێگرتن لەژیاننامەی‌و مەدحکردنی‌و خواردن بەخشین‌و دڵخۆشکردنی خەڵك).

يوسف القرضاوي:

(إذا انتهزنا هذه الفرصة للتذكير بسيرة رسول الله، وبشخصية هذا النبي العظيم، وبرسالته العامة الخالدة التي جعلها الله رحمة للعالمين، فأي بدعة في هذا وأية ضلالة؟).

واتە: (ئەگەر ئەم هەلە بقۆزینەوە بۆ بیرهێنانەوەی سیرەت‌و ژیاننامەو کەسایەتیی ئەم پێغەمبەرە مەزنە ( d )و، پەیامە نەمرەکەی کەخودا کردوویەتی بەرەحمەت بۆ هەموو عالەم، کەی ئەمە بیدعەیەو، کەی ئەمە گومڕابوونە؟).

محمد سعيد رمضان البوطي:

(الاحتفال بذكرى مولد رسول الله نشاط اجتماعي يبتغي منه خير دينيّ، فهو كالمؤتمرات والندوات الدينية التي تعقد في هذا العصر، ولم تكن معروفة من قبل. ومن ثم لا ينطبق تعريف البدعة على الاحتفال بالمولد، كما لاينطبق على الندوات والمؤتمرات الدينية. ولكن ينبغي أن تكون هذه الاحتفالات خالية من المنكرات).

واتە: (ئاهەنگگێڕان بەیادی مەولوودی پێغەمبەر( d )، چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە کەخێرێکی ئاینیی لێ ئومێد دەکرێت‌و، وەك ئەو کۆنگرەو کۆڕە ئاینییانەیە کە لەم سەردەمەدا دەبەسترێن‌و جارانیش نەبوون، بۆیە پێناسەی بیدعەت بەسەر یادی مەولوودا ناچەسپێت هەروەك بەسەرئەو کۆنگرەو کۆڕە ئاینییانەدا ناچەسپێت، بەڵام پێویستە ئەم ئاهەنگانە خاڵیی بن لە مونکەرات‌و شتی نامۆ بەدین).

عبدالله بن بيه:

(من احتفل به غير ملتبس بأي فعل مكروه من الناحية الشرعية وليس ملتبساً بنية السنّة ولا بنيّة الوجوب فإذا فعله بهذه الشروط التي ذكرت“ ولم يلبسه بشيء مناف للشرع، حباً للنبي ففعله لا بأس به إن شاء اللهُ وهو مأجور).

واتە: (هەر کەسێك ئاهەنگی مەولوود بکات بەخۆ دوورگرتن لەهەر کارێکی ناشەرعییو، بەسوننەتو واجیبی نەزانێت، ئەگەر بەم مەرجانە بوو، لەبەر خۆشەویستیی پێغەمبەر بوو( d )، ئەوە ڕێپێدراوەو پاداشتکروە لای خوا یار بێت).

نوح القضاة مفتي الأردن سابقاً:

(ولا شك أن مولد المصطفى من أعظم ما تفضل الله به علينا، ومن أوفر النعم التي تجلى بها على هذه الأمة“ فحق لنا أن نفرح بمولده).

واتە: (گومانی تێدانییە کە لەدایکبوونی پێغەمبەر( d ) لە گەورەترین بەخششو نیعمەتەکانی خودایە بۆ ئێمەو ئەم ئوممەتە، بۆیە حەقمانە دڵخۆش بین بەلەدایکبوونیی).

علي جمعة مفتي مصر:

(الاحتفال بذكرى مولده من أفضل الأعمال وأعظم القربات“ لأنه تعبير عن الفرح والحب له، ومحبة النبي أصل من أصول الإيمان).

واتە: (ئاهەنگگێڕان بەیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، لە باشترینو گەورەترینی ئەو کارانەیە کە لەخودا نزیکمان بکاتەوە، چونکە گوزارشتکردنە لە خۆشییو خۆشەویستییمان بۆی، خۆشویستنی پێغەمبەریش( d )، ئەسڵو کۆڵەیەکی ئیمان وباوەڕە).

وهبة الزحيلي:

(إذا كان المولد النبوي مقتصرًا على قراءة القرآن الكريم، والتذكير بأخلاق النبي عليه الصلاة والسلام، وترغيب الناس في الالتزام بتعاليم الإسلام وحضّهم على الفرائض وعلى الآداب الشرعية، ولايكون فيها مبالغة في المديح ولا إطراءٌ.. لا يُعد من البدع).

واتـە: (ئەگـەر مـەولوودکردن بـریتی بێـت لـە خوێندنـەوەی قورئـانو، بیرخـستنەوەی ئاکـارو رەوشـتەکانی پێغەمبـەر( d )و، هانـدانی خـەڵك بـۆ پابەنـدبوون بەڕێنماییـەکانی ئیـسلامو جێبـەجێکردنی فــەرزو ئادابــە شــەرعییەکانو، بــەبێ زیـادەڕویی لەمــەدحو پێداهەڵگوتندا.. ئەوە نابێت بەبیدعە).

محمد راتب النابلسي:

(الاحتفال بالمولد ليس عبادة ولكنه يندرج تحت الدعوة إلى الله، ولـك أن تحتفـل بـذكرى المولد على مدى العام في ربيع الأول وفي أي شهر آخر، في المساجد وفي البيوت).

واتە: (ئاهەنگگێڕان بە بەمەولوود عیبادەت نییە، بەڵکو دەچێتە خانـەی بانگـەواز بـۆ لای خودا، بۆیە بۆت هەیە بەدرێژایی ساڵ مەولوود بکـەیت، چ لـەرەبیعی یەکـەم یـان لـە هەر مانگێکی دیکەد، لەمزگەوتەکان یان لەماڵاندا).

عبدالملك السعدي المفتي العام للعراق سابقاً:

(... لا نسمِّيه عيدا، بل إحياء ذكرى" لأنّه لا يوجد سوى عيدين في الإسلام... وإن أقيم على أساس إحياء ذكرى مولد سـيد المرسـلين.. وخـلا مـن المنكـرات والمبالغـة في مدحـه ( d ) فلا يعد بدعة).

واتــە: (نـاوی لێنانێین جەژن، بـەڵکو ژیاندنـەوەی یادێکـە، چـونکە لـەئاینی ئیـسلامدا تـەنها دوو جـەژن هەیـە، جـا ئەگـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـە بێـت کـە ژیاندنـەوەی یـادی لــەدایکبوونی ســەروەری پێغەمبەرانــەو، خــاڵیی بێــت لــە شــتی نـامۆو زیـادەڕەویی لەمەدحکردنیدا، ئەوە بەبیدعە ناژمێردرێت).

## دووەم: بەڵام لەبەرامبەریشدا زۆرجار ئەم یادە رەتدەکرێتــەوە، بــە هــۆی ئەوەی کەوا ئەم یادە لەسەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نــەکراوە و پێغەمبەر نەیفەرمووەو، ئەوە بیدعەیە:

یەکێك لەوانەی کـە ئـەم یادەیـان رەتکردۆتـەوە، شەیخولئیـسلام (ابـن تیمیـە)یـە کـە گوتویـەتی ئەمــە شــتێکە داهێنـراوەو، لـە زەمـانی پێغەمبــەردا( d ) نـەبووەو، ئەگـەر هەبووایەو باش بوایە سەحابەو ئەوان دەیانکرد، بۆیە دەڵێت:

(بعض ليالي شهر ربيع الأول التي يقال إنها ليلة المولد... فإنها من البدع التي لم يستحبها السلف ولم يفعلوها... ولو كان خيرا محضا أو راجحا لكان السلف رضي الله عنهم أحق به منا).

واتە: (هەندێك لەشەوانی مانگی ڕەبیعی یەکەم کە ناویان لێناوە شەوی لەدایکبوون... ئەوە بیدعەیەکە کە پێشینان بەباشیان نەزانیوەو نەشیانکردووە.. جا ئەگەر چاکەیەکی تەواو بوایە دیارە ئەوان لەپێشتربوون بۆی هەتا ئێمە).

(ئیمامی شاتیبی) لەکتێبی (الاعتصام) بەرگی یەکەم لاپەڕە (٣٩)دا ئاشکرای دەکات کە ئەو لەگەڵ ئەم یاد کردنەوەیەدا نییە، بۆیە دەڵێت:

(... من البدع المنكرة التزام الكيفيات والهيئات المعينة كالذكر بهيئة الإجتماع على صوت واحد واتخاذ يوم ولادة النبي ( d ) عيدا ).

واتە: (یەکێك لەو بیدعە نامۆیانە بریتییە لەپابەندبوون بەشێوازێکی دیاریکراو وەك کۆبوونەوەو زیکرکردن بەیەك دەنگ، بەجەژن ناساندنی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر( d ).

هەروەها یەکێکی دی لەزانایان (تاج الدين الفاكهاني) کە دەڵێت:

(لا أعلم لهذا المولد أصلا في كتاب ولا سنة ولا ينقل عمله عن أحد من علماء الأمة الذين هم القدوة في الدين المتمسّكون بآثار المتقدمين).

واتە: وانازانم مەولوود هیچ ئەسڵێکی لەقورئانو سوننەتدا هەبێتو، هیچ زانایەکی ئوممەتیش لەوانەی پێشەنگبوونە لەئایینداو دەستیان بە کارو ئاساری پێشینانەوە گرتووە، ئەم کارەیان کردبێت).

هەروەها (ابن الحاج)یش لەگەڵ یادکرنەوەیدا نییەو دەڵێت:

(ذلك زيادة في الدين ليس من عمل السلف الماضين... ولم ينقل عن أحد منهم أنه نوى المولد ونحن لهم تبع..).

واتە: (ئەوە زیادکردنێکە لەئایین کە لەکاری پێشینانی چاکدا نەبووە.. کەسیشیان مەولوودیان نەکردووە، بۆیە ئێمەش دوای ئەوان کەوتووین).

**لەزانا هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمەش ئەمانەی لای خـوارەوە لـەدژی یادکردنـەوەی مەولووددان:**

(محمد بن إبراهيم آل الشيخ):

(فلما كان غير معروف لدى السلف الصالح ولم يفعلوه وهم القرون المفضلة دل على أنـه بدعة محدثة).

واتـە: (لەبـەر ئـەوەی مـەولوود لای پێـشینانی چـاك ناسـراو نـەبووەو نـەیانکردووە، هەرچەند ئەوان لەسەردەمە باشەکانیشدا بوونە، کەواتە کردنی بیدعەیەکی داهێنراوە).

عبدالعزيز بن باز :

(الاحتفال بالمولد النبوي.. بدعة لا تجوز... وإنما حدث بسبب الشيعة ومن قلـدهم، فـلا يجوز فعله ولا تقليد من فعله).

واتـە: (ئاهـەنگگێڕان بـە بەمـەولوود بیدعەیـەو جـائیز نییـە، چـونکە بـەهۆی شـیعەوەو چاولێکارانیان هاتۆتە ئاراوە، بۆیە کردنیو چاولێکردن لەوانەش کەدەیکەن، جائیز نییە).

محمد ناصرالدين الألباني:

(هذا الاحتفال أمر حادث.. ذلك لأن الاحتفال بولادة إنسان ما إنما هـي طريقـة نـصرانية مسيحية).

واتـە: (ئـەم ئاهەنگـە کـارێکی داهێنـراوە.. چـونکە ئاهـەنگگێڕان بەلـەدایکبوونی هـەر ئینسانێك کاری نەسرانییە مەسیحییەکانە).

محمد بن صالح العثيمين:

(الاحتفال به يعتبر من البدعة).

واتە: (ئاهەنگگێڕان بەیادی مەولوود بەبیدعە دێتە ژماردن).

لێـرەوە جێگـەی خۆیـەتی بـڕوانینو بپرسـین بۆچـی ئـەم زانـا بەڕێزانـە لەگـەڵ یـادی مەولوودا نین؟

لەوەڵامدا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کەکاتی خـۆی ئـەم یـادە سـەرەتا پـێش ئـەوەی دەوڵەتی ئەیوبی دەستی پێبکات، لەمیـسردا فاتیمیـەکان هـەبوون، فاتیمیـەکان شـیعە

مەزهـەب بـوون، فاتیمییـەکان لەبـەر ئـەوەی شـیعەبوون، یـادێکی بـچوکی مـەولوودیان دەکردووە، هەروەك (ئیمامی سیوتی) دەڵێت: (حەیفە ئەوەی فاتیمییەکان ناو بنرێت بە یادکردنـەوە چـونکە زۆر نالایـەق بـوو، شـتێکی زۆر سـاکار بـوو)، بـەڵام کـە (سـوڵتان موزەفەر) دەستی پێکرد بە گەورەیی دەستی پێکرد.

لەبەر ئەوە شێخ (عبدالعزیز بن باز) بەرەحمەت بێت دەڵێت:

(وانما حدث بعد ذالك بسبب الشيعة ومـن قلـدهم فـلا يجـوز فعلـه ولا تقليـد مـن فعلـه)، دیارە کە شێخ (بن باز)و (سعودیە) زۆر هەستیارن بەشیعە لە رادەبەدەر، لەبـەر ئـەوەی فاتیمییەکان بەهەنگاوێکی بچوکیش بووبێـت ئـەم یادەیـان پـێش ئەیوبییـەکان کـردووە دەڵێت: لەبەر ئەوە تەقلیدی شیعەیەو فیعلی شـیعەیەو ئێمـەش تەقلیـدی شـیعە ناکـەین لەبەر ئەوە رەتی کردۆتەوە.

بەڵام ئێستا ئێمە لەنێوان ئەو دوو ڕایەدا چی بکەین؟ رای راجیحو رای پەسند کامەیە؟

بڕوانە لەفەتوایەکی تازەدا موفتی عـامی سـعودیە (شـێخ عبـدالعزیز الـشیخ) لـەمانگی ئـەیلولی (٢٠١٢) لـەیادی تێپـەڕبوونی هەشـتاو دوو سـاڵ بەسـەر دامەزرانـدنی دەوڵـەتی (شانشینی عەرەبی سعودیە) کە هەموو خەڵك خۆشی دەردەبڕێت، دەڵێت:

(ان اليوم الوطني هو يوم شكر للنعمة التي من الله بها على هذة البلاد بالأمن والاستقلال والطمأنينة).

واتە: (رۆژی نیشتمانییمان رۆژی شوکرکردنمانە بۆ ئەو نیعمەتەی کە خودا بەم وڵاتەی بەخشیوە لەئەمانو سەربەخۆییو دڵنیایی)، ئەمە لەکاتێکدا هـەردوو زانایـان (بـن بـاز)و (عوسەیمین) گوتوویانە ئێمە لەگەڵ ئـەوە نـین خۆشـی دەربـڕین بـۆ هـەر بۆنەیـەك جگـە لەهەردوو جەژنە ئاینییەکە.

هەروەها دەڵێت:

(باستذكار اليوم الذي توحد فيه هذه البلاد مـن الـشتات وقامـت علـى كتـاب الله وسـنة الرسول ( d ). واتە: (ئەم رۆژە بەیادهێنانەوەی ئەو رۆژەیە کە ئەم وڵاتەمان لەپـەرشو بڵاوییەوە یەکیگرتۆتەوەو لەسەر رێنمایی کیتابو سوننەت دامەزرا).

هەروەها (الدكتور علي بن عباس الحكمي) ئەندام لە (هيئة كبار العلماء المسلمين ) لە(سعوديە) بەو یادەوە دەڵێت:

(ان اظهار الفرح في اليوم الوطني مباح شريطة عدم اثارة الفوضى والشغب).

واتە: (دەربڕینی خۆشیی لەرۆژی نیشتمانییدا ڕێپێدراوە بەمەرجێك نەبێتە هۆی بەرپاکردنی ئاژاوەو گێرەشێوێنیی).

هەروەها دەڵێت:

(ومما اباح الشرع للمسلم ان يظهر الفرح والسرور بما انعم الله عليه من نعمة متجددة، ولا شك ان يوم اعلان توحيد هذة البلاد على منهج السلف الصالح والقضاء على باب الفرقة والاختلاف وتأسيس قواعد الامن الاستقرار من اعظم ما انعم الله به على هذه البلاد حكاما ومواطنين).

بۆیە ئێستا دەڵێین: ئەگەر رۆژی نیشتمانیی سعودیە نیعمەت بێتو شوکری بوێت، ئەی ئایا رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر( d ) گەورەتر نییە لەرۆژی لەدایکبوونی دەوڵەتێك؟

لەبەر ئەوە هەندێك لەزانایانی پێشین گوتویانە پێغەمبەر( d ) ئاماژەو ئیشارەتی هەبووە بەوەی رۆژی لەدایکبوونی تایبەتمەندییەکی هەیە، وەك لە (سەحیحی موسلیم)دا هاتووە، پێغەمبەر ( d ) کە بەرۆژوو بووە لەرۆژی دووشەممەدا گوتویانە: یا رسول الله بۆ بەرۆژوو دەبیت؟ لەگێڕانەوەیەکدا دەفەرموێت: ئەوە رۆژێکە رەفعی ئەعمالی تێدا دەکرێت، لەریوایەتێکی دیکەدا کە لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە دەفەرموێت (هذا يوم ولدتُ فيه) ئیشارەت بەوە دەدات ئەمە ئەو رۆژەیە کە تیایدا لەدایکبووم.

بۆیە قسەکەی (ئیمامی شاتیبی) راستە، ئێمە نایکەین بەجەژنو جەژنێك نییە لەئاستی قوربانو رەمەزاندا، بەڵام بۆنەیەکە لەو بۆنانە، بۆیە لەسعودیەشدا ئیختلاف هەیە، دەبینیت دانیشتوانی مەککە بەتایبەت یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر( d ) ساڵانە دەکەنەوە.

کەواتە لێرەوە دیارە کە لەنێوان ئەم دوو ڕایەدا ئەوە دەردەکەوێت کە شوکرکردنی خودا لەسەر ئەم نیعمەتە گەورەیەی کە پێغەمبەرە ( d ) کە بە لەدایکبوونی دەستی هەموومان دەگرێت بۆ بەهەشت، شایەنی ئەوەیە باشترو چاکترو گەورەترو مەزنتر ئەو یادە بکەینەوە لەچوارچێوەی بنەماکانی قورئانو سوننەتدا، چونکە هەموو هەنگاوێك

کە سەرەتا نراوە بۆ ڕۆژی خۆی باش بووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا پێویستە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەو گۆڕانکاریانەش کە پێویستە بەسەریدا بهێنرێت ئەوەیە کە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف‌و کاروباری ئاینی لە پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافدا ئەم سێیە لەئاستێکدا هەماهەنگییان هەبێت بۆ داڕشتنی پرۆژەیەك بۆ ئەم مەبەستە، چونکە یادی مەولوود دەربڕینی خۆشییە بەلەدایکبوونی پێغەمبەر ( d ) لە(١٢)ی ڕەبیعی یەکەمدا، وەك یادێکیش کە بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی جیهانیی ئیسلامیدا، هەولێری سولتان موزەفەری سەردەمیی دەسەڵاتیی ئەییوبییەکان پێی هەستاوە هەروەك گوتمان ئیمامی (ئەلسیوتی) ئاماژەی بۆ دەکاتو، هەر خۆیو زانایانی دیکەی وەك ئیبن کەسیرو حافزی زەهەبییو زۆرێکی دیکەش باسیان لەچاکییو پاکیی سوڵتان موزەفەر کردووە.

لەم یادەدا کاتی خۆی سوڵتان موزەفەر داوەتی زۆرێك لەفەرمانڕەوایانی بەغداو موسڵو شوێنانی دیکەی دەکردو، خەڵك لەسەرەتای موحەڕڕەمەوە هەتا ڕەبیعولئەوەل بەرەو هەولێر دەهاتنو، لەرۆژی یادەکەشدا وێڕای پێشکەشکردنی خۆراك بۆ هەژاران، زانایانی ناودار باسو توێژینەوەیان پێشکەش دەکردو، سەربازانیش نمایشیان دەکردو، خاوەن بەهرەکان تواناکانی خۆیان دەخستەڕوو.

ئەم یادە لە ئەمڕۆی کوردستاندا شێوازێکی کلاسیکیو چەند بارەبووەی لەخۆ گرتووە کە پێویستییەکی زۆری هەیە بەنوێکردنەوەو هاوچەرخکردنی، بەمەبەستی پیشاندانی ڕووی زانستییو هاوچەرخانەی ئەم یادە لەکوردستان بەگشتییو، لەهەولێری لانکەی یەکەم جاری یادەکەشدا بەتایبەتی، بۆ ئەمەش لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئاینیی لەپەرلەمانی کوردستان، بەهەماهەنگیی لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئاینییو، وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینیی، دەتوانن چەند هەنگاوێك بنێن لەڕێگەی:

یەکەم: دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا بەناوی دەستەی باڵای یادی مەولوود، کە پێك بێت لە:

وەزارەتی ئەوقاف– سەرۆك

نوێنەری وەزارەتی تەندروستیی– ئەندام

نوێنەری وەزارەتی شارەوانیی– ئەندام

نوێنەری دەستەی ژینگە– ئەندام

دووەم: وەزارەتی ئەوقاف بەرپرسە لە:

١– سازکردنی ئاهەنگێکی ساڵانەی نێودەوڵەتیی بۆ یادی مەولوود لەهەولێر، وەك بەردەوامیی پێدانێك بەکارەکانیی سوڵتان موزەفەری فەرمانڕەوای داهێنەری یادی مەولوود.

٢– بانگهێشتکردنی زانایانی شارەزاو تیپە جیهانییەکانی مەدائیحو ستایشکردنی پێغەمبەر( d ) بۆ هەرێمی کوردستانو، سازکردنی هەفتەیەکی رۆشنبیریی بەهاوکاریی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستان.

٣– پێداچوونەوە بەتیپەکانی خوێندنەوەی مەولوود، لەرێگەی تۆمارکردنو مۆڵەتپێدانیان، بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

١– هەر تیپێکی مەولوودخوێن لە (٣) کەس کەمتر نەبێتو، لە (٥) کەسیش زیاتر نەبێت.

٢– هەر تیپێك ناوێکی گونجاوی تایبەت بەخۆی هەبێت.

٣– ئەندامانی تیپ پابەند بن بەبنەما ئاینییەکانەوەو، لەنێو کۆمەڵگەدا خاوەنی کەسایەتیو پێگەی کۆمەڵایەتی شیاو بن.

٤– دیارکردنی ماوەی خوێندنەوەی مەولوودو، بڕی پارەی وەرگیراو.

٥– هەڵسەنگاندنی شەرعیی ئەو هۆنراوانەی دەکرێنە سروودی ئاینیی لەڕووی وشەو ماناوە.

٦– لادانی ئەو ئاوازانەی کەپێشتر تایبەت بوون بەهونەرمەندانی بواری گۆرانییو، ئەو ئاوازانەی کە پێشتر لەبواری دیکەدا بەکارهێنراون.

٧– پەسەندکردنو خەڵاتکردنی دانەرانی هۆنراوەو ئاوازی نوێو شایان بەپێگەی یادەکە.

٨– هاندانو پشتگیریکردنی ئەو تیپە ئاینییانە بۆ خۆرێکخستنو کۆبوونەوە لەژێر چەتری کۆمەڵەیەکدا بەنێوی (کۆمەڵەی مەولوودخوێنانی کوردستان)، بەمەبەستی پاراستنی پێگەی کارەکەیانو دوورخستنەوەی کەسانی هەلپەرستو پارە پەیداکار بەنێوی مەولوودەوە.

سێیەم: لیژنەی شارەوانییو تەندروستییو ژینگە: بەرپرسن لە:

١- چاودێریکردنی جۆری ئەو خواردەمەنییانەی کە دەخرێنە بازار بۆ یادی مەولوود.

٢- رێگرتن لەبەکارهێنانی فلیکسو نایلۆن وەك لافیتەو، پابەندکردنی هاولاّتیان بەنووسین لەسەر لافیتەی کارتۆنیی یان پەڕۆ بەمەبەستی پاراستنی ژینگە.

٣- تەرخانکردنی شوێنی شیاو بۆ هەڵواسینی پۆستەرو لافیتەکان.

٤- پابەندبوون بەکۆکردنەوەو هەڵگرتنەوەی لافیتەو پۆستەرەکان لەلایەن دانەرانییەوە بەمەبەستی رێزگرتن لەنووسینەکانو، پاراستنیان لەتێکچوون.

چوارەم: لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەکی هەرێمیشدا، لیژنەیەکی راپەڕاندن پێك بهێنرێت لەدەزگا پەیوەندیدارەکان، بۆ هەمان مەبەست).

لێرەوە دەڵێم کە وەزارەتی ئەوقاف کاتێك کە ئەم دەستەیەی دروست کرد یەکێك لە کارەکانی بریتیی دەبێت لەوەی کە پێداچوونەوە بکات بەهەموو تیپەکانی ئێستای خوێندنەوەی مەولود خوێندنەوەداو، ژمارەی ئەندامانی تیپەکەو ناوی تیپ دیاریکراو بێتو جیابکرێتەوە لەتیپێکی دیکە، وەکو چۆن وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەت دەدات بەتیپە هونەرییەکانی خۆیو ناونوسیان دەکات، با ئەمانیش تۆمارێکیان هەبێت لەوەزارەتی ئەوقاف بەمەبەستی رێکخستنی کارو چالاکییەکانیان.

لەرووی ئاوازیشەوە بۆ نموونە گۆرانیبێژێك ئەم ئاوازانەی بۆ خۆی داناوە وەك مامۆستا عەلی مەردان تایەر تۆفیقو حوسێن عەلی ئاوازیان بۆ شیعری خۆیان داناوەو، شیعری دلّدارییان گووتوە ئاوازی خۆیانیان هەبووە، ناکرێت بیانهێنیتو بیانکەی بەئاواز بۆ مەولوود، ئەگەرنا بۆیە ئێستا هەندێك دەڵێن: لەکوردستانا کەس ئاوازێکی تازەی بۆ پێغەمبەر نەگووتووە، ئەرێ بۆچی ئاوازدانەرێك بۆ کچێك یان بۆ خۆشەویستەکەی دەتوانێت ئاوازێکی تازە دابنێتو، تۆش بێیت ئەو ئاوازە بهێنیت بۆ مەولوودی پێغەمبەر ( d )، ئاخر پێغەمبەر ئاوازی دزراوی ناوێت، ئاوازی ئیبراهیم تاتلیساس بێنیت بۆ مەولود، ئەو بۆ کچی گووتوە تۆ ئەوە بلّێیت بۆ مەولود، ئەمانە ئاوازگەلی جۆرە گۆرانییەکن وشە دلّدارییەکانی ئەوانت بیردەخاتەوە، بۆیە ئاوازدانەران لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی دنیاو قیامەتیدان کاتێك ئاوازی نوێیان نەبێت بۆ شیعرە بەرزەکانی مەولوودنامە.

لەڕووی کەسێتی مەولوودخوێنانیشەوە، پێویستە ئەندامانی ئەم تیپانە کەسانێك بن پابەند بن بە بنەما ئاینییەکان لەنێو کۆمەڵگەداو، خاوەنی کەسایەتی بن‌و، پێگەی کۆمەڵایەتی شیاویشیان هەبێت لەو بوارەدا، هەروەها ماوەی خوێندنەوەی مەولود دەبێت دیارکراو بێت بەسەعات، چونکە نابێت خەڵك بێزار بکرێت بەدەنگی بەرزو بەبڵندگۆو هەروەها دەبێت بڕگەکانی دیار بێت‌و، بڕی پارەی وەرگیراویش دیار بێت، هەروەها پێویستە هەڵسەنگاندنی شەرعیانە هەبێت بۆ ئەو هۆنراوانەی کە دەکرێن بەسروودی ئاینی‌و لەمەولوددا دەگوترێن، با شیعرەکانی مەولەوی‌و بێسارانی‌و بێخودو خانیی‌و مەلای جزیری‌و ئەوانی دی بخوێنرێنەوە، کەم کەس بەقەدەر کورد شیعری لەسەر پێغەمبەر( d ) هۆنیوەتەوە بۆ نموونە کتێبێك هەیە بەناوی (پێغەمبەر لەدڵی شاعیرانی کورددا) ئەوەندەیان شیعری جوان گوتووە بەشی چەندین جار دەکات.

هەروەها وەزارەتی ئەوقاف دەتوانێت خەڵات تەرخان بکات بۆ دانەری هۆنراوەی نوێ‌و ئاوازی، هەروەها پێویستە (کۆمەڵەی مەولودخوێنانی کوردستان) پێکبهێنرێت، هەروەك (کۆمەڵەی قورئانخوێنانی کوردستان)مان هەیە بەمەبەستی پاراستی پێگەیان‌و، بەمەبستی پاراستنی سومعەت‌و ناوبانگیانیان‌و، دورخستنەوەی کەسانی هەلپەرست پارە پەیداکار.

بێمەوە سەر پڕۆژەی نوێکردنەوەی مەولود، زۆر گرنگە نوێنەری تەندروستی لەو دەستەیەدا هەبێت، بۆ چاودێریکردنی جۆری ئەو خواردەمەنیانەی لەو رۆژە دەخرێن بازاڕ، ئاخر بەناوی مەولوودەوە هەندێك جار خواردنی ئێکسپایەر دەخرێتە بازاڕەوە ! ! توخوا دەبێت لەیادی پێغەمبەر( d )دا خواردنی ئێکسپایەر بکرێتە خێر؟ ئاخر تۆ دەڵێی پێغەمبەر (سید المرسلین)و (فەخری کائینات)ە، کەواتە دەبێت تۆ باشترین جۆری خواردن بخەیتە بازاڕەوە، لەبەر ئەوەشە دەبێت تەندروستی ئاگای لەو خواردنانە بێت بۆ ئەوەی خەڵك تووشی نەخۆشی نەکات، بۆیە تەندروستی زۆر رۆڵی هەیە لەو خواردەمەنی‌و ئەو شتانەی کە ئەو رۆژە دەخرێنە بازاڕەوە.

هەبوونی نوێنەری ژینگەش لەدەستەکەدا زۆر گرنگە، چونکە پێغەمبەر( d ) فێرمان دەکات کەکاتێك لەخۆشەویستی ئەودا یادەکە دەکەینەوە نابێت ژینگە پیس بکەین،

چـونکە ئـەو خـۆی داوای لێکـردووین کـە جیـاوازی پێغەمبـەر( d ) لەگـەڵ پێغەمبـەرانی دیکەدا چەند شتێکە یەکێکیان بریتییە لەوەی کە دەفەرموێت (وجعلت لي الارض مسجدا وطهورا) ئەم زەوییە خۆی مزگەوتەو خاکەکەیشی تەیەمومی پێ دەکـەین‌و، ناکرێـت لـەو یادەدا هەرکەس چوکلێتێکی خوارد کاغەزەکەی فرێبداتە سەر زەوی.

ناشکرێت ئەم هەموو لافیتانە بنوسرێن لەسەر فلیکس‌و نایلۆن کە پاشـی سـەدان سـاڵیش شی نابنەوەو، دوای ئەو یادەش بەکارناهێنرێن‌و فڕێ دەدرێن‌و دەکەونە سـەر ئـەرز، لێـرەدا ژینگە دەتوانێ بڵێت دەبێت نوسینی لافیتەکان لەسەر کارتۆن یان لەسەر کاغەز یان لەسـەر پـەڕۆ بێـت وەکـو جـاران، بـۆ ئـەوەی ژینگـە بپارێزرێـت، هـەروەها شـوێنی تایبـەت بـەم پۆستەرانەش دیار بکرێت، چونکە ناکرێـت دیوارەکـانی شـار بـشێوێنین، ئـەی دوای ئـەوەی مەولوود تەواو دەبێت کێ ئەم لافیتانە کۆ دەکاتەوە؟ چۆن کۆدەکرێتـەوە؟ بـە چ شـێوازێك کۆدەکرێتەوە؟ چۆن هەڵدەگیرێن‌و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ئەمـە مەسـەلەیەکە وردەکـاریی زیاتری دەوێت، کە لەسەر ئاسـتی هـەر پارێزگایـەکیش دەتوانرێـت دەسـتەیەکی راپەڕانـدن هـەبێت ئـەم کـارە ئـەنجام بـدات بـەم شـێوازە، واتـە ئەمـە بیرۆکەیەکـە بـۆ ئـەوەی کـە یادکردنەوەکە نوێ بکەینەوەو مەولود بە چ شێوازێك بکرێ‌و بڕگەکانی چی بن؟

پڕۆژەی پێکهێنانی (دەستەی باڵای یـادی مـەولوود) وا دەکـات کـە (یـەکێتی زانایـان) ڕۆڵی چاودێری لە رەهەندە ئاینییەکانی یادەکەدا ببێت‌و، (وەزارەتی ئەوقاف)یش لایەنی جێبـەجێکار دەبێـت لەرەهەنـدە کردەییەکانـداو، (لیژنـەی ئـەوقاف‌و کاروبـاری ئـاینیی پەرلەمان)یش ڕۆڵی چاودێری دەبێت لە پڕۆسەی یادکردنەوەکەدا.

هەموو ئەمانەش بۆ ئـەوەی کـە یـادی مـەولوود رەهەنـدێکی نێودەوڵـەتیی وەربگرێـت‌و، سـاڵانە لـەژێر چـاودێری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتاندا بکرێـت‌و، تیپـە بەناوبانگـەکانی مـەولوود لەسەرتاسـەری جیهانـەوە بانگهێـشت بکـرێن‌و، هەفتەیـەکی رۆشـنبیریی ئـاینیی جیهانیی تێدا ساز بکرێت بەئامادەبوونی هزرمەنـدانی جیهـان‌و، کۆربەنـدێکی ئـەدەبیی بـۆ شیعرو پەخشان لەخۆ بگرێت بۆ بەرزڕاگرتنی پێگەی خاوەنی یادەکە (موحەممەد) ( d ).